پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە هەندێک مانگدا ئەوەندە بەڕۆژوو نەدەبوو هەتاوەکو پێمان وابوو ئەو مانگە هیچ ڕۆژێکی بەڕۆژوو نابێت، ولە هەندێک مانگدا ئەوەندە بەڕۆژوو دەبوو هەتاوەکو پێمان وابوو هیچ ڕۆژێکی ڕۆژوو ناشکێنێت

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە هەندێک مانگدا ئەوەندە بەڕۆژوو نەدەبوو هەتاوەکو پێمان وابوو ئەو مانگە هیچ ڕۆژێکی بەڕۆژوو نابێت، ولە هەندێک مانگدا ئەوەندە بەڕۆژوو دەبوو هەتاوەکو پێمان وابوو هیچ ڕۆژێکی ڕۆژوو ناشکێنێت، ئەگەر کەسێک بیویستایە بیبینێت نوێژ دەکات لە شەودا؛ ئەوا دەیبینی (لەو حاڵەتەدا)، وئەگەر کەسێک بیویستایە بیبینێت خەوتووە لە شەودا؛ ئەوا دەیبینی (لەو حاڵەتەدا)».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی حاڵی پێغەمبەری دەکرد -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی ڕۆژووگرتن وشەونوێژکردندا، دەڵێت: لە هەندێک مانگدا ئەوەندە بەڕۆژوو نەدەبوو هەتاوەکو لەوەیە کەسێک پێی وادەبێت ئەو مانگە هیچ ڕۆژێکی بەڕۆژوو نابێت، چونکە زۆرینەی ڕۆژەکانی ئەو مانگە بەڕۆژوو نەدەبوو، ولە هەندێک مانگدا ئەوەندە بەڕۆژوو دەبوو هەتاوەکو لەوەیە کەسێک پێی وابێت هیچ ڕۆژێکی ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە زۆرینەی ڕۆژەکانی ئەو مانگە بەڕۆژوو دەبوو، وهەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێکی دیاریکراوی دانەنابوو بۆ شەونوێژکردن، بەڵکو لە سەرەتا وناوەڕاست وکۆتای شەودا شەونوێژی ئەنجامدەدا، بەشێوەیەک ئەگەر کەسێک بیویستایە بیبینێت نوێژ دەکات لە شەودا؛ ئەوا دەیبینی (لەو حاڵەتەدا)، وئەگەر کەسێک بیویستایە بیبینێت خەوتووە لە شەودا؛ ئەوا دەیبینی (لەو حاڵەتەدا)، ئەمیش بەهۆی ئەوەی کردەوەکانی مامناوەند بوو لە نێوان زیادەڕەوی وکورتهێنانەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3769